**ضاوثكةوتني طؤظاري هةرصم لةطةلَ شاعير**

## شةرمين نةقشبةندي

## شەرمین نەقشبەندی:

# خولیاو ئاوات و ئازارەکانم گەیاندمیانە کەناری شیعر نووسین..



**خاتو شەرمین یەکێکە لەو قەڵەمانەی کە لەبواری ئەدەب و رۆژنامەنووسی کوردیدا کاردەکات و ساڵانێکی دوورو درێژی لە تەمەنی خۆی بۆ ئەو بوارە ناسکانەی شیعرو پڕ سەرئێشانەی رۆژنامەگەری تەرخان کردووە.**

**لە دارشتنی بابەتەکاندا خاوەنی هزرو دیدی خۆیەتی و لەسەر زۆر بابەتی ئەو دنیایەی تێیدا کارگوزارە راوبۆچوونی تایبەتی هەیە، لە بەسەرکردنەوەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:**

*** مرۆڤ سەریشکە هەر شتێ یان بابەتێ بۆ خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام لێپرسراو دەبێ لەو هەڵبژاردنەدا، لای تۆ پەسەندکردنی کاری رۆژنامەگەری کە بەشێک لەجوانی و ناسکی ئافرەت بۆ خۆی دەبات، ماندووی نەکردویت، هەست ناکەی جوانی و تواناو کاتەکانت هەڵدەلوشێت..؟**

- مرۆڤ لە ژیانیدا لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک و شتێک ئازادو سەریشکە، من کاری رۆژنامەنووسی ئارەزووی لەمێژینەی خۆم بوو، هەر لەسەردەمی لاویدا، کە هێشتا لە قۆناخی خوێندنی ئامادەییدا بووم، زۆر بەتامەزرۆیی متووی خوێندنەوەی گشت گۆڤارو رۆژنامەیەک بووم، جگە لە کتێب و رۆمان و بابەتی جۆراوجۆر، چ پارچەیەکی دەهاتە دەستم دەچووم دەمدا بەکتێب، ئیدی لەوساوە ئەو ئارەزووەم لەلا دروست بوو، لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیرام، ئەوە بوو دواتر، کاتێ گەیشتمە قۆناخی سێیەمی کۆلێژ لە چواردەمیشدا، ئێواران لە رۆژنامەی (هاوکاری) وەک پەیامنێرو نووسەر کارم دەکرد، دواتر لە (گۆڤاری رەنگین)کە(د. بەدرخان سندی) سەرنووسەرەکەی بوو، تاکو رۆژی تەواوبوونم لە کۆلێژو گەرانەوەم بۆ هەولێر ئەوساش توانیم هەر لەبواری رۆژنامەنووسیدا کاربکەم، ئەوە بوو کە یەکەم ژمارەی (رۆژنامەی هەرێم) کە لە ساڵی ١٩٩٢دەرچوو وەک نووسەرێک لەوێ دەست بەکاربووم و بەردەوام بووم لە چەندین دەزگای دیکەی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری.

ئەو ئاواتە لەمێژ ساڵەم بەهەوڵ و خەباتی خۆم هاتەدی و ئیدی کەوتمە ناو دنیای رۆژنامەنووسییەوە.. دنیایەکی زۆر بەرفراوانەو کاری رۆژنامەنووسی هەرگیز بەکۆتا نایەت.. بەڵکو رۆژ بە رۆژ زیاتر بۆ لای خۆی پەلکێشمان دەکات.

هەرچەندە ئەم بوارە هیلاکی و توانای زۆری گەرەکە.. بەڵام من خۆم هەست دەکەم بەو هیلاکییەوە ئاسوودەو دڵشادم و هەست بەحەسانەوە دەکەم.

هەرکارێکی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ لێی بەرپرسە، بەتایبەتی کاری رۆژنامەنووسی، چونکە بە راستی کارێکی هەستیارەو زادەی بیرو هۆشی مرۆڤەکەیەو زۆریش گرنگە ئەو رۆژنامەنووسە خاوەن هزرێکی بەرفراوان بێت.

خاڵێکی هەرە گرنگ بۆ کاری رۆژنامەنووسی ئەوەیە کە دەبێ (پاشخان)ێکی زۆری کەڵەکە بووی رۆشنبیری جۆراوجۆری هەبێت لەگشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوری و.. تاد.

هەروەها خاڵی دووەم کە گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ (زمانی نووسینی) رۆژنامەنووس زمانێکی (پاراو) و شارەزای هەبێت لەو بوارەدا.

خاڵی سێیەم کە بۆ رۆژنامەڤان گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە لە دارشتنی هەر هەواڵێکدا زۆر بێ لایەن بێ هەرچەندە (متعاطف)یش بێت، بەڵام دەبێ بە راستگۆیی و عەقڵانی نەک بەزاڵبوونی سۆز، ئەو هەواڵە بەخوێنەر بگەیەنێ، جا هەر جۆرە هەواڵێک بێ، بەڵام هەندێک بابەتی دیکەی نووسین هەن کە پێویستە نووسەرگوزارشت لە هەڵوێست و پرەنسیپێکی تایبەتی خۆی بکاتە چونکە بابەتی نووسین جیایە لە دارشتن و گواستنەوەی هەواڵ بۆ (متلقی) و خوێنەر.

هەروەک جەنابت دەڵێی (کاری رۆژنامەگەری بەشێک لەجوانی و ناسکی ئافرەت بۆ خۆی دەبات)، منیش لەگەڵتام بۆ ئەو رایە، بەڵام تارادەیەک، دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەو هیلاکییەوە ئاسوودەم.

هەروەک دەڵێن رۆژنامەنووسی (مهنە المتاعب)ە، بەڵام هەرچەندە واش بێت گرنگ نییە، گرنگ توانای ئەو کەسە چ پیاو چ ئافرەت، بەڵام بۆ ئافرەت هێشتا گرانتریشە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە هەمیشە ئافرەت

www.kurdistannet.org
28-7-2004 22:06

پلەی کەمتر دادەنرێت، هەرچەندە ئەو ئافرەتە خاوەن تواناش بێت، بەڵام واچاکە ئافرەتەکە بەهێز بێت و گوێ نەداتە ئەم شتانەو بەبڕوا بەخۆبوونەوە بەردەوام بێت.

من لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەگەر ماندووش بووبم، هەستم بەو ماندووبوونە نەکردووە، بۆ نموونە جاری واهەبووە پێیان گوتوم کە بابەتێک بنووسم، ئیدی لەبەر هەست کردن بەو بەرپرسیارییەتییە بۆی دانیشتووم و ئاگام لە برسییەتی و سەعات و کات و ئیوەشەو نەبووە تاکو تەواو نووسینەکەم ئەنجامداوە.

*** ئەی چی تۆی گەیاندە کەناری شیعر نووسین، لەم بوارەدا لە دنیای ناسک و شەفافی شیعر چۆن دەڕوانیت..؟**

– خولیاو ئاوات و ئازارەکانم منیان گەیاندە کەناری شیعر نووسین..

شیعر ئەو بوارەیە کە زاتی خۆمی تیابەدی دەکەم و دەدۆزمەوە.



شیعر تاکە پەنجەرەیەکە کە توانیومە تیایدا هەناسە بدەم کەف و کوڵ و خەون و خۆزگەکانی بۆ باس بکەم ئەویش، مەبەستم شیعریش ئەو هاوڕێیە دڵسۆزە بووە کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵمدا وەستاوە دڵدەی دام و ئارامییەکی ڕۆحی پێ بەخشیوم لەکاتە سەخت و نیگەرانەکانمدا.

من لە چاکەی شیعر دەرناچم، دەمێک ساڵیشە هۆگریم، بەڵام ئەم کاری ڕۆژنامەگەرییەم جارجار ڕێی لێ دەگرێ و دووری دەخاتەوە، شیعرو ڕۆژنامەنووسی دوو دنیای جیاوازن.

نامەوێ شیعرەکانم زۆر بڵاوبکەمەوە.. ئەمە حاڵەتێکی تایبەتی و زاتییە، جیایە لە حاڵەتی ڕۆژنامەگەری کە باسی کێشەکان و هەواڵەکانی شارو وڵات و خەڵک دەکات.. وەلێ شیعر هەست و ئەستی تایبەتی ئەو کەسە خۆیەتی.

ئەو شیعرانەشم کە بڵاوبونەتەوە جارجار کەوتوونە بەر تیشکی نووسین و لێکۆڵینەوە، جارێکیان یەکێک لە ڕۆشنبیران نووسیبووی گوایە کەم بڵاودەکەمەوە هەندێکیان تام و بۆنی شیعرەکانی (فروغی فەروخزاد) دەدات..

دواتر منیش لە وەڵامێکدا بۆیم نووسی، زۆر ئاساییەو هیچ خەوشێک لەوەدانییە، منێک کە بەردەوام شیعرەکانی (فروغ) بخوێنمەوە، گەر کەوتبمە ژێر کاریگەری ئەو شیعرانەی زۆر ئاساییە. شیعر پاکبوونەوەی ڕۆحە.. شیعر دنیایەکی بێگەردو بەسۆزە..

ڕەنگە شیعر نەتوانرێ پێناس بکرێ.. بەڵام شیعر بارانی ئاسوودەییە، ئەگەرچی هۆی شیعرەکەش لە نیگەرانییەوە لە حەسرەتەوە سەرچاوەی گرتبێ.

*** ئەو خەم و ئومێدو خۆزگانەی تۆیان گریاندووە چین..؟**

– زۆرن... هەندێکیان تایبەتن و هەندێکی گشتی.. بۆ نموونە کە دەبینم منداڵێک دەگری یەکسەر بەلایەوە دەچم و دڵگیر دەبم بۆی تاکو ئاشت دەبێتەوە.

یان دیمەنی پیرەمێردێک کە بەکارێکی کەم بۆ بژێوی خێزانەکەی کاردەکا.

یان بۆ نموونە. لەم ڕۆژانە بەتەکسییەک دەچووم بۆ شوێنی کارم، لە ڕێگە کورە گەنجێک هەر دوو دەستی نەمابوون، خێرو مەندانێکی کەم پارەیان دەخستە گیرفانی، ئیدی من لەو حەسرەتەدا بووم، کاتێک بەخۆم زانی کە تەکسییەکە زۆر زیاتر ڕۆیشتووە لە شوێنی کارەکەم و تێپەڕیبووە ئیدی ئەو جۆرە شتانە ئازارم دەدەن، خۆزگەش بەوە دەخوازم کە ڕۆژگارێک بێت و دادپەروەری لە کۆمەڵگەکەماندا پیادە بکرێت و مرۆڤی شایستە لە شوێنی شایستە دابنرێت.

*** ماوەیەک لەسەر بواری هونەری و بەتایبەتی شێوەکاریت دەنووسی، چ چێژێ لەو دنیایە نزیکت دەخاتەوە..؟**

زۆر چێژ لە هونەری شێوەکاری وەردەگرم.. زۆر موتابەعەی ئەو بوارە دەکەم.. ساڵانی پێش شیعر نووسینم، خۆم دابووە ڕەسم کردن بەڕەنگە ئاوییەکان، هەروەها ئەلبومی کەڤاڵەکانی زۆربەی هونەرمەندەکانم هەبوو، وەک بابلۆپیکاسۆ، رامبرانت، پۆل گۆگان، ڤان گوخ.. هتد، لە شێوەکاریدا پاکی و فەنتازیایەکی زۆر بەدی دەکەم.

*** کێ هاندەرو ڕێ نیشاندەرت بوو بۆ هاتنە ناو دنیای نووسین..؟**

– دەتوانم بڵێم زیاتر خۆم هاندەری خۆم بوومە، هەروەها لە ماڵەوەش براکانم پێیان باش بوو لەو بوارەدا بەردەوام بم.

*** بەچەند وشەیەک لەسەر هەریەک لەم شتانە ڕاوبۆچوونی خۆت دەربڕە..؟**

*** زەردەخەنەی منداڵێک لەکاتی گریاندا؟**

– ئەوپەڕی بێگەردی و ناسکی و شەفافییەتە.

*** کەروێشکە سەمای گیا بەشنەی با..؟**

– لە شیعرێکدا باسیم کردووە، بێگومان زۆر بەلامەوە جوانەو بەتایبەتی کاتێ لە گوڵە گەنە دەدات و دەشنێتەوە، زۆرجار بۆ ئەو دیمەنە جوانە رادەمێنم لەگەڵیدا دەئاخڤم.

*** زەماوەندو هەڵپەرکێی کوردی ناو هۆڵە داخراوەکانی یانەکان..؟**

تاقەتی ئەو جۆرە هەراو زەنای ئەو ئاهەنگە وەرس کارانەم نییە.. بەڵام

– بەگشتی هەڵپەرکێی کوردی زۆر جوانە.

*** بەخۆنازی و فیزلێدانی بەرپرسی شوێنێ بەسەر ئافرەتە کارگوزارەکانی ئەو شوێنەدا..؟**

– نازانم بۆچی و لەپای چی..؟ خۆی بەپێچەوانەوە دەبێ لەو جۆرە شوێنانە ئاسایی تر و خاکی تر بێ.. وەک پیرەمێردی شاعیر دەڵێ (سوراحی سەرفرۆ دێنێ بۆ پیاڵە تاتێکا بۆی) دەبێ وابێ.

*** کەڤاڵێ کە چاوانت گەشبێن و ڕووناک بکاتەوە..؟**

هەر کەڤاڵێک و دیمەنێک کە باسی دادپەروەری و ئازادی و مافی مرۆڤ بکات.. بۆ نموونە لە بەغدا(نصب الحرية)ی(جواد سەلیم) زۆر جێگەی بایەخ و سەرنجم بوو.

**ئا. پ: هەرێم**